یەکێتی
زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٨/١٠ .
بەروار : ١٤٣٨/١٢/١٧ ك _ ٢٠١٨/٨/٢٨ ز .
بابەت کردن : بابەتەکانی سەردەم .
جۆری فەتوا : لێکۆڵینەوە .
فەتوادەر : لێژنەی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

((حوکمی کشانەوە لە موزایدەکان بەرامبەر قەرەبووکردنەوەی دارایی))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ....فَسْئَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

دوای ئەوەی لەلایەن چەند هاوڵاتیەکەوە پرسیارێك ئاراستەی لێژنەی بالای فەتوا کرا سەبارەت بە کرینەوەی مافی بەشداربوان لە بەرامبەر بەشداریکردنیان لەو جۆرە موزایدەدە ئاشکرایانە (المزايدة العلنية) کە حکومەت ئەنجامی ئەدات ، ئایا دروستە کەسێك پارە بدات بەو کەسانەی کە ناویان نوسیوە بۆ ئەوەی بەشداربن لە موزایدەدەکە بەرامبەر بە کشانەوەی لە موزایدەدەکە؟

لێژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی ٢٠١٨/٨/٢٨ و پاش تاوتوێ کردنی بابەتەکە گەراندنەوەی بۆ بەڵگە و بنەما شەرعیە گشتیەکان، بۆیان ڕۆنبوەوە کە (دروست نیە و نابێت کەسێك پارە بدات بە بەشداربوەکانی دیکە بۆ ئەوەی بکشێنەوە لە مافی بەشداربونیان لە موزایدەدەکە) لە بەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێ:(يا أيها الذين آمنوا لا تاكلوا أموالكم بينكم بالباطل) مانای ئەوەیە ئەی ئیمانداران مالّ و سەروەتی یەکتری لە نێوانتان دا بە بەتال و بە بێ بەرامبەر مەخۆن، ئەو بەشداربوانەی کە بەشدار دەبن و بەرامبەر پارەیەك دەکشێنەوە هیچ مافێکیان بۆ جێگیر نەبوەو هیچ مامەلەیەکی شەرعی نەکراوە تا ئەو بڕە پارەیە وەربگرن لە بەرامبەری کەواتە بەبێ بەرامبەر ئەو بڕە پارەیە وەردەگرن.

دووەم: بەخشینی پارە بەو بەشدار بوانە بەرامبەر بە کشانەوەیان لە موزایدەدەکە زۆربەی کات زەرەری زۆر بە مالّی گشتی دەگەیەنێت و موزایدەدەکە مونافەسەی تیا نامێنیت، بۆیە بە نرخێکی کەمتر ئەنجام دەدرێت لە ڕێژەی کە پێویستە .

سێیەم: ئەم کارە ڕێگە یەکە بۆ گەندەڵی کردن لە ئەنجام دانی کاروباری حکومەت، و ریشوەت خواردن و چەندین کاری نادروستی دیکە ، بۆیە پێویستە هاوڵاتیان خۆیان لەم جۆرە کارەن بە دوور بگرن... واللە سبحانە و تعالی أعلم ...

لێژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان
هەولێر – ٢٠١٨/٨/٢٨ زایینی
١٧ ی ذي الحجة ١٤٣٩ کۆچی